# ئةو دةرفةتةي هيشتا لةدةست نةدراوة

نورةدين وةيسي - كةنةدا

زۆرجاران بەسەرسوڕمان وتەوسەوە ئەو پرسیارە دەکرێت ئایا دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان-پدك وینك- پێیان خۆش نییە دەسەڵاتداری قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ بن لەوەی هەرێمێکی عێراقی ؟ئایا ئەگەر هەلومەرجی هەرێمی ونێودەولەتی لەبار بێت جاڕی سەربەخۆیی نادەن؟ لەراستیدا ئەم پرسیارانە بیانووهێنانەوەی قەڵەم بەدەستانی ئەو دووحیزبەیە بۆ ئەو هەرەس وشکستانەی کەکورد پتر لە سێ دەیەیە لەسەر دەستی ئەم دوو لایەنە دووچاری دێت,کەچی هێشتاش دەخوازن سیاسەتی خێل پەرستانەی حیزبەکانیان وەکو سیاسەتێکی نەتەوەیی گوزارشت کەر لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نیشان بدەن.!

ئەم دوولایەنە لەدرێژایی تەمەنی دروست بوونیاندا چ لەشەڕی چەکداری وچ لەچالاکی سیاسی یا بەگوتی خۆیان دیپلوماسیاندا نەك هەرخودانی هیچ دەسکەوتێکی نەتەوەبی نین بەڵکو ئامانج ودرووشمی بزووتنەوەی سیاسی کوردیشیان لەئاستی سەربەخۆیی وپێکهێنانەی دەولەتدا بەبیانووی نالەباری بارودۆخی سیاسەتی نێودەولەتی هێنایە ئاستی ئۆتۆنۆمی ودابین کردنی هەندێ مافی ئیداری وکلتووری لەعێراقدا.

ئەو پەویوەندییە دیپلۆماسیانەی کە ماشێن ودەسگا راگەیاندنەکانیشیان شەوو رۆژ بانگەشەی بۆ دەکەن لەوەهەم وخۆشخەیاڵی زیاتر هیچی دی نییە,تەنانەت لەئاستی ناساندنی حیزبەکانیشیان بەدەرەوە وەك پێویست سەرکەوتوونەبوون چ جای ناساندنی کوردوحکومەتی کوردستان کەئەمڕۆ بەکردەنی شتێك نییە لەکوردستاندا بەمانای وشە حکومەت بێت، واتا دەسەڵاتی بەسەر تەواوی سنووری باشووری کوردستاندا بشکێ.

ئەم دوو لایەنە تەنانەت لەوەش سەرکەوتوو نەبوون کەلەسەردانەکانیان بۆ دەرەوە یاسەردانی بەرپرسانی دەرەوە بەتایبەتی ئەمریکاییەکان بۆکوردستان , وەکو نێوچەیەکی خودان دامودەسگای بەڕێوەبەری تایبەتی ودوور لەزاراوەی (باکووری عێراق) کوردستان بکەنە دیفاکتۆیەکی دانپێدانراو.

ئەگەرچی ئەم دوو حیزبە تاهەنووکە دەیان دەرفەتی زێڕین ومێژوویيان لەدەست کورد داوەو سەرچاوەی بەژێردەستەیی مانەوەی کوردیشن لەوچەند دەیەیەی کەجڵەوی سەرکردایەتی سیاسی کوردیان بەدەست گرتووە,لێ دیسان رەواش نییە هۆکاری هەموو ئەو هەرەس وتێکشکانانەش بەتەنها بخرێتە ملی سەرکردایەتی پدك وینك ,چوون بمانەوێ یان نا دواجار ئەوان نوێنەرایەتی رێژەیەکی زۆری خەڵك دەکەن ,بۆیە هەربڕیارێکیش بیدەن سەرەنجام گوزارشت لە ڕای ئەو خەڵکە دەکات, راستە مەرج نییە ئەم گوزارشت کردنە گوزارشت کردنێکی دیموکراسیانە بێت ؛واتامەرج نییە هەمووئەندام ولایەنگرەکانیان لەسیاسەتی حیزبەکانیان رازی بن ,لێ سەرەنجام مادامەکێ هیچ دەنگێکی بەرینی ناڕەزایی لەنێو جەماوەری ئەودوو حیزبەدا نابینین ،ئەوە مانای ئەوەیە سیاسەتەکانیان گوزارشت لە بیرورای هەموو ئەوخەڵکە دەکات کەلەچوارچێوەی ئەم دوو حیزبەدان.

ئەوەی زۆر جێگەی تێڕامان وتەنانەت سەرسوڕمانیشە ئەوەیە لەکاتێکدا ئەمڕۆ لەکوردستاندا چەندین دەنگی ناڕەزایی لێرەولەوێ وتەنانەت لەنێوهەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەشدا دەبینین، کەچی لەوەدەچێت ئەم ناڕەزاییانە تەنها ناڕەزایی سەرکاخەز بێت ،پێدەچێت ئەم ناڕەزاییانە تەنها شانۆگەری ورووکەش ورواڵەت بێت ,دەنا ڕەوا نییە ئەم هەموو ناڕەزاییە نەتوانێ فشارێك یا گۆڕانکاریەك- ئیدی با گچکەش بێت –درووست بکات.

**ئەوەندەی من ئاگاداربم زۆربەی خەڵکی کوردستان بەئەندامەکانی پارتی ویەکێتیشەوە دژی ئەو خەمساردی وپشگوێ خستنەی پدك وینك –ن لەمەڕپرسیکەرکوك وناوچەکوردستانیەکانی تر,هەروەك بەشێکی زۆری خەڵك لەگەڵ کشانەوە بوون لەحکومەتە فشۆڵەکەی عیراق وخوازیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم بوون کەچی وەك دیارە نەپرسی کەرکوك وگەڕانەوەی ئاوارەکان ودەرکردنی عارەبە داگیرکەرەکانی خاکی کوردستان چارەسەرکراونەباس وخواسێکیش لەبارەی ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە هەیە، هەمدیسان ژمارەیەکی دیاری خەڵك دژی ئەو ڕێککەوتنە دژە دیموکراتیەی پارتی ویەکێتی وحیزبەکانی تر بوون کەبەناوی پاراستنی یەکڕیزییەوە کردیان ولەراستیدا ترس بوو لە دیموکراسی وململانێی رەوا.**

**ئەمڕۆ لەئاستانەی ساڵی تازەدا تاکە دەرفەتی لەدەست ماوی خەڵکی باشووری کوردستان بایکۆت کردن وبەشداری‌نەکردنی بەکۆمەڵی خەڵکە لەهەڵبژاردنەکانی عیراقدا ,چونکە ئاشکرایە کەڕێژەی کورد لەپەرلەمانی عیراقدا هێندە بچووك ودیاریکراوە هیچ رۆڵ وکاریگەریەکی‌نییە,دیارەگرەوکردن لەسەرهاوپەیمانێتی‌کردن لەگەڵ لایەنە سیاسیەعەرەبەکانیش پێشوەخت گرەوێکی چەند دۆڕاوە ،زۆربەی ئەو هێزولایەنانەش کە پارتی ویەکێتی بەدۆستی کوردیان دەدەنە ناسین بەرهەڤ نین تەنانەت پشتیوانی لەو یاسای بەڕێوەبردنە کاتیەش بکەن کەتا ئێستا هەر بەمەرەکەبی سەرکاخەز ماوەتەوەو نێچیرڤان بارزانی گوتەنی هەر خۆیان دەیخوێننەوەولەبەغدا کەس گوێی پێنادا, ئیدی بەشداری کردنی کورد لەو هەڵبژاردنە جگەلە بەشداریکردن لەدامەزراندنی دەولەتێکی داگیرکەری عەرەبی چیدیکەیە ؟بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنە رەوایەتیدانە بەو ناهەقیانەی کەحکومەتی داهاتووی عیراق لەخەڵکی کوردستانیان دەکا ,بەشداریکردن لەوهەڵبژاردنە نەك هەر مافەکانی کورد دابین ناکا وەك راگەیاندنی پدك وینك بانگەشەی بۆ دەکەن بەڵکوئەو نیمچە مافانەش لەدەست دەدرێن کە هەنووکە خەڵکی کوردستان خاوەنیانە.**

**بێگومان ئەو پرسیارەش دێتە گۆڕێ : بەشداری نەکردنی خەڵکی کوردستان لەهەڵبژاردنەکانی عیراق چ دەسکەوتێکی بەدواوەیە ؟بەڕای من گەورەترین دەسکەوتی بەشداری نەکردن, ناردنی پەیامی کوردە بەهەموو دنیادا کە کورد نایەوێت چیدی لەزیندانی عیراقدا بژیێت ,دەکرێ کورد ئەو هەلە زێڕینە بقۆزێتەوە تاکۆمەڵگای نێودەولەتی ونەتەوە یەکگرتووەکان ناچاربکات ریفراندۆمێکی سەرتاسەری لەباشووری کوردستاندا ئەنجام بدات.**

**لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە کورد چەندین دەرفەتی مێژوویی لەدەستدان,بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی عیراق دوادەرفەتی لەدەست نەدراوی کوردە , کاشکا ئەمجارە خەڵکی کوردستان ئەم دەرفەتەی لەدەست نەدەدا وبەپێچەوانەی بەرژەوەندی سەرانی کورد بڕیاری دەداوگۆلێکی زێڕین ومێژوویشی تۆمار دەکرد!**

nuradinwaisi@hotmail.com